

گۆران سەباح

# هەڵوێستی ژمارەکان

## سێ کورتیلە چیرۆک

گەنجێکی روومەت ئاڵ، باریکە بەژنی رەنگ گەنمی، چاوی بڕیبووە تەنیا یەک کچ لە ناو ئەو پۆلە کچەی دەیانڕوانییە ئاوە لیخنەکەی بەردەمیان. "چییە ئەگەر بچم پێی بڵێم حەز دەکەم ماچت بکەم" خەیاڵی بلَقی دا. "ئەگەر گوتی قسەی قۆڕ و تفێکی بەڕوومدا هەڵدا" ئەمەشی خستە سەر خەیاڵەکانی. دواجار تەلبەندی شەرمی شکاند و پێی نایە گۆڕەپانی بوێری، بەبیرەبیر هێدی هێدی خشییە لای پۆلە کچەکە. "ئەم داوایەی من پێچەوانەی رێژەنی ئاو نییە. رەنگە رازی بێ" گەنجەکە بەدەم رێوە بیری دەکردەوە. پێیەکانی گران بوون وەک چۆن دیلێکی نەقۆرا بەکەوشی ئاسن دەیگوازنەوە، پێنگاوەکانی سڕ سڕ بوون.

کچەکەی ناو پۆلە مەلەکەی هاوتای خۆی قژێکی سووری ئاڵ، گوپنی سوور سوور، لە دوورەوە بە گوڵە هەنار خۆی پیشان دەدا، لە نێزیکەوە تەڕایی لێ دەچۆڕایەوە. لێو تەنک، سمت خڕخڕ، بە پتێک دەپەڕی. زەردەخەنەی لە ناو ئاوە لیخنەکەدا رەنگی دەدایەوە.

کوڕەکە گەیشتە ئەوێ و بەنەرمی رووی لە کچەکە کرد، بەلێولەرزەوە گوتی "حەزم لێیە ماچت بکەم". کچەکە دایە قاقای پێکەنین و گوتی: بۆ ئاوا؟

***

لە سێیەمین نهۆم دەیڕوانییە سەر شەقامە بێگەردەکەی بەردەم باڵەخانەکە. چاوی لەگەڵ ئۆتۆمبێلێک دەگەڕا، بروسکە ئاسا وێنەیەکی کەوتە بەرچاو.

کەمێک بەسەر دیواری باڵکۆنەکەدا داچەمییەوە و ورد سەیری وێنەکەی کرد. مرۆیەکی قژ قەترانی رەنگ ئەسمەر. لووتێکی قنج و باریک. چاوە رەشەکانی لەبەر تیشکی خۆر دەبریسکانەوە. هەوڵی دا تەواو رووی وێنەکە ببینێ، چاوی بڕی نەکرد.

"ئەی خوایە لەو هەموو جوانییە" هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و ئەمەی لەبەرخۆیەوە گوت. خێرا سواری ئاسانسەرەکە بوو تا بچێت وێنەکە هەڵگرێتەوە.

"دەبێ چ کورێک ئەم وێنەیەی لێ کەوتبێ. ئەگەر ژمارەی تەلەفۆنەکەی لەسەر بێ. زەنگێکی بۆ لێ دەدەم و دەیدەمەوە" پازدە چرکەی ناو ئاسانسەرەکە ئەمەی بەبیردا هێنا.

خێرا رای کردە لای شوێنی مەبەست دوای ئەوەی دەرگەی ئاسانسەرەکە کرایەوە.

تامەزرۆ وەک سکپڕێک بۆ ترشاییی هەنار وێنەکەی بەلەش و لاریدا هەڵگەڕاند و هێنایە ئاست چاوەکانی. چاوەکانی کردەوە، بینی وێنەکە خۆیەتی.

***

بەقسەی خۆش. لەو سەرماوسۆڵەدا، لە خەوی شیرین بێداری کردەوە. بەملپێچ سەر، دەم و چاوی جوان پێچایەوە و ناردی نانی گەرم بۆ بەیانی بکڕێت.

کچۆڵەی ٩ ساڵانیش، باریک، سووربناڵی و تەبەش پانی گەش، پێدا پێدا رێی کردە نانەواخانەیەک. تا گەیشتە جێ سەرلووتی سوور دەچووەوە. برژانگە گەورەکانی بەستای. ریزێکی یازدە کەسی لەسەرمان پاڵیان بەپشت یەکدا بوو و چاوەڕێی نانی گەرم بوون.

کچۆڵەی نەرمونیان و خەواڵوو، لە دواوە ریزی بەست. کاتێ خەڵکەکە چاویان پێی کەوت یەک بەیەک رەپێش خۆیان دا تا گەیشتە پێشەوە. ئەمەش زۆر دڵی کچەکەی خۆش کرد.

"ئەم هەزار دینارە هی کێیە"؟ نانەوا پرسی.

"هی منە بایی پێنج سەتم دەوێ" بەدەنگێکی کزی نووساو وەڵامی دایەوە.

پێش ئەوەی دوایەمین نانی هەڵگرێت و بەرەو ماڵ بێتەوە، نانەواخانەکە تەقییەوە و دنیا تاریک بوو، چرە دووکەڵ ئەو ناوەی تەنییەوە، شوێنەکە خوساوی خوێن بوو. دایکی کە بەمەی زانی، لێوی لە حەژمەتانا کرۆشت و بیری کردەوە "خۆزگە لەخەو بێدارم نەکردبایەوە." رووەو خوا دەستی بەرز کردەوە "خوایە بۆ؟"

"چونکە کچۆڵەکەتان خەوی دەهات، ئەویش بۆ خۆی بردییەوە" دەنگێک لە پشتەوە وای پێ گوت.